




# بازنگی گوڵ بۆ دەستی خانمانی بووک

ئێکسسوارەکان لەچەندین ڕێگەدا دەردەکەون، تەنانەت لەڕێگەی کەرەستەیەکی بچووك جوانییەکی گەورە دەردەکەوێ، بۆیە کاتێك کار لەسەر ئێکسسوارەکان دەکرێ، دەبێتە هۆکارێك بۆ دانانی جوانییەکی تایبەت لە هەر بەشێکی جەستەی خانمان، لێرەدا باسی دەستە گوڵەکانی دەستی خانمانی بووك دەکەین، لەگەڵ ئەو شێوە کلاسیکییەی، کەچی شێوەیەکی دیکەی وەرگرتووە ئەویش لەشێوەی بازنگ دەبێ.

دەستکە گوڵەکان لەدەستی خانمانی بووك دەخرێن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی تایبەت و کراوەی لەخۆ گرتووە، جوانی لەم جۆرەش زیاتر کار دەکاتە سەر جوانی دەستی خانمان، لەگەڵ ئەو شێوازە جوان و سەیرەدا جوانییەکی کراوە و ناسك دەبەخشێ، لە جوانی خانمانی بووك.

# هەنگاوەکانی بەکارهێنانی ماسکارا





بۆ جوانکردنی برژانگەکانی چاو بەشێوەیەکی جوان و ناسك، بە مەرجێك دەبێ شارەزایی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ماسکارا ئاگادار بین و بتوانین بە جوانترین شێوە بەکاری بهێنین. هەنگاوەکانی ماسکارا کردن دەکرێت بکرێت بە (٣) هەنگاوی سەرەکی، ئەمەش بۆ ئامانجی جوانییەکی تەواو بە برژانگ و جوانی چاوەکان.

## هەنگاوی یەکەم

دەبێ سەرەتا چاو پاك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی برژانگەکان لە خۆڵ و تۆز یان پیسی پاك بکرێنەوە، ئەمەش وەك هەنگاوێکی سەرەکی بۆ گرتنی ماسکاراکە.

- بەکارهێنانی ماسکارا دەبێ لە سەرەوە بەرەو خوارەوە بێت، دەبێ ماسکارا بە نەرمی و سادەیی بگیرێت بۆ ئەوەی ئەزیەتی برژانگەکان نەدات.

- سەرەتا ماسکارا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، بۆ زیاتر تەڕکردنی برژانگەکان و بۆ هەنگاوی داهاتوو نەرم و جێگیر بێت.




## هەنگاوی دووەم

دوای ئەوەی لە هەنگاوی یەکەم ماسکارامان بەکارهێنا، دەبێ ئەمجارەیان بۆ ماوەی خولەکێك بوەستین، تاوەکو ماسکاراکە وشك دەبێت.

- زیاتر ماسکارا بەکاربهێنە، کاتێك هەستت کرد وشك بووە، ئەمەش بۆ زیاتر جوانکردنی چاوەکان.

- دەبێت ئاگاداری ماسکارا بین لەوەی لە چاو نزیك نەبێت، چونکە دەبێتە هۆی هەستیاری چاوەکان و هۆکاری خراپی لێدەکەوێتەوە.

## هەنگاوی سێیەم

لە سێیەم هەنگاودا، دەکرێت بڵێین پێچەوانەی هەنگاوی یەکەمە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی شێوەی ماسکاراکەیە..

-لەم هەنگاوە دەبێ ماسکارا لە خوارەوە بەرەو سەرەوە ببەین، نابێت لە چاوەکان نزیك بێت، بوونی ئەو هەنگاوە وادەکات برژانگەکان بە دەرکەوتنێکی تایبەت و بەرەو دەرەوە دەردەچێت.

-مانەوەی زۆری ماسکارا لەسەر برژانگەکان، دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر برژانگەکان، بۆیە دەبێت ماسکارا بەڕێژەیەکی کەم یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت، بۆ گشت خانمان و کچان، نابێت ماسکارا بۆ زیاتر لە (٥) جار بەکاربهێنرێت!

**تێبینی: لەسەر داواکاری چەند خانمێکی بەڕێز، ئەم بابەتەمان بۆ هەڵبژاردوون...**



# تازەترین مۆدەی کراس

ستایلی جلەکان لە شێوازە کـــراوەکان زیاتر جوانیان پێوە دەردەکـــەوێ، بەڵام دەکرێ لە ڕێگـــەی مۆدەیەکی کراوە لە جلێکی ناســـکدا دەبێ، یەکێـــك لە مۆدە جوانـــەکان بریتییـــە لە کراس، کـــە یەکێك لە مـــۆدە جوانەکان دەبێ، لەگـــەڵ شـــێوازێکی شابســـتە و کـــراوە لە جەســـتەی خانمـــان خۆی دەنوێنێ.

ئەم مۆدەیە بریتییە لە کراسی کراوە، کە یەکێکە بۆ مۆدەکانی وەرزی پاییز، کە لە ماوەیەکـــی نزیکدا بەم وەرزە دەگەین، لـــەم مۆدەیـــەدا ڕەنگێکی شـــینی کاڵ، بەرەو ڕەنگی وەنەوشـــەیی دەچـــێ، بە نەخشـــێکی ســـادەوە لەسەر ســـینگدا، لەگەڵ تەســـکی لەناوقـــەد و ســـەر ئەژنۆکان، دەبێتە مۆدەیەکی شایستە لە جوانی کراســـەکان بۆ خانمان.



# جلی کوردی بۆ کیژۆڵە بچووکەکان

جوانی جلی کـــوردی بۆ خانمان، لەگشـــت لایەنەکان دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانییەکی ڕەها و ناســـك لەسەر جەســـتەی خانمـــان، بـــەڵام دەکرێ ســـوودێکی دیکـــە لـــە جلوبەرگی کـــوردی وەربگرین، ئەویـــش کاتێك منداڵـــە جوانەکان دەیپۆشـــن، دانانی جلوبەرگ بـــۆ خانمانـــی بچووك، دەبێتە ڕێگەیەکی جوان لەسەر مۆدەی جلەکانیـــان، ئەمەش کاتێك لە بۆنە و شـــوێنە تایبەتەکاندا دەپۆشرێن، بۆیە ســـوودێکی گـــەورە وەردەگیرێت لەم لایەنە لە جلوبەرگی کوردی، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە خانمێکی بچووکی کورد، کە کچێکی جوان و ژیکەڵەیە، وێنەی گیراوە کاتێك جلێکی کوردی لە ڕەنگی ســـووری لەبەر کراوە، کە دیمەنێکی ناســـك و جوان دەبەخشێ، بۆیە دەکرێ خانمانی دیکەش ســـوود لە جوانی وێنەکە وەربگرن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە جلی کوردی لە بۆنە و ئاهەنگەکان بڕازێننەوە و جلی کوردی وەك مۆدەیەکی جوان دەربخەن.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560



# کوردستانم خۆشدەوێ!

ئەوانەی کورد و کوردستانیان خۆشدەوێ، لە هەر شوێنێك بن خۆشەویستی خۆیان بۆ ئەو لایەنە دەردەبڕن، ئەمەش وەك نموونەیەك کە ئەو خانمە کوردەیە، لە خۆشەویستی کوردستان، لە دەرەوەی وڵاتەوە یادگارییەکی جوانی تۆمار کردووە لەگەڵ ئاڵای کوردستان وێنەی گرتووە، وەك دەربڕینێك لە خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی، ئەوەیە خۆشەویستی دوورە وڵات، هەروەها دەبێ خانمان و گەنجانی ئێرەش لە خۆشەویستی ئەو خانمەیان زیاتر هەبێ، چونکە لە ئاو و هەوای کوردستان دەژین.

# مەقەس و مەستەڕە لەجێگەی تۆقە

وەکو دەزانین ئافرەتان تۆقە و ئێکسسوارەکان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی قژیان پێوە ببەستن، کەچی وادیارە بەم دواییە مۆدەی دیکە پەیدا بووە بۆ ئەوەی قژ ببەسترێ، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکان، کە لە بری کەرەستەی جوانکاری، شتی دیکە بەکاربهێنرێ، کە کەرەستەی تایبەت بە قژ نەبێ.

وادیارە ئەو خانمە ئێکسسواری بەدەست نەکەوتووە، بۆیە هەڵساوە بە دانانی کەرەستەکانی خوێندن وەك: مەستەڕە - قەڵەم- قەڵەمی رەساس- مەقەس، لەگەڵ چەندین کەرەستەی دیکە، بۆ ئەوەی قژەکەی پێ ببەستێ، ئەوەی سەیر بێ، زۆر بەجوانی قژی بەستووە، وەك ئەوەی ئێکسسوارەکانی تایبەت بە قژی بەکارهێنابێ.



# چەند دیمەنێک لە سێرک



# گوێدرێژی مێرسیدس و BMW

ئەوانەی بیر لە کارە سەیرەکان دەکەنەوە، دەتوانن لەچەندین هەنگاوی تایبەت و جوان، چەندین حاڵەتی سەیر دروست بکەن، ئەمەش وادەکات کە ببێتە ڕێگەیەك بۆ دەرخستنی نازناو، یان هەر کارێکی تایبەت، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە گوێدرێژەکان، بەڵام لەسەر شێوازێکی دیکەدا، ئەمەو دەبێتە مۆدەیەکی تازە لە ئوتۆمبێلەکان.

وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن هەڵساون بە دانانی هێمای ئوتۆمبێلی مێرسیدس و BMW لەسەر سەری ئەو گوێدرێژانە بە مەبەستی ئەوەی کە ئۆتۆمبێلە و لەم مارکەیە کە بە دڵیانە





# جوانترین پێکەنین!

پێکەنین یەکێکە لە سیفەتە سرووشتییە جوانەکانی مرۆڤ، کە هەر یەکە جۆرە پێکەنینێکی هەیە، کەچی لەلای هەندێك بە جوانترین پێکەنین دادەنرێ، بۆیە پێشبڕکێ بۆ جوانترین پێکەنینی منداڵ ئەنجام درا، ئەمەو ئەو کچە ناسکۆڵەیە کە خاوەن پێکەنینێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، دەبێتە خاوەن نازناوی جوانترین پێکەنین.

ئەو منداڵە ناوی (شاین)ـە و لە وڵاتی سویسرایە، ئەمەو وێنەکان لە چەندین حاڵەتدا گیراوە بۆ ئەوەی شێوازی پێکەنینەکە هەژمار بکرێ لەوەی جوانترین پێکەنینە، بەڕاستی شایانی ئەو نازناوەیە.

## ـی مۆنتیکارلۆ لە هەولێر





## ١٨١ باڵە مریشك



باڵی مریشك یەكێكە لە بەشە خۆشەكانی گۆشتی مریشك، بە تایبەت كاتێك سوور دەكرێتەوە، بۆیە ئەو خانمە لە وڵاتی ئەمریكا ئەوەندەی حەز بە باڵە مریشكە، داوای نمایشێكی كرد كە تیایدا زۆرترین باڵە مریشك نۆش بكا، ئەمەو لە فیستڤاڵی بۆفالۆ وینگی ساڵانە، ئەو كچە ناوی (سۆفیا تۆماس)ە و دوای ئەوەی لە ماوەی (١٢) خولەكدا، توانی (١٨١) باڵە مریشك بخوات.


## نوكتە

- كابرایەكی پیر بە هاوڕێكەی دەڵێ دوێنێ من و ژنەكەم چووین نانێكمان لە چێشتخانەیەكی زۆر زۆر خۆش خوارد. ئەویش دەڵێ ناوی چی بوو؟ كابرا دەڵێ، ئا توخوا بوەستە تا بیرم بكەوێتەوە. ئینجا دەڵێ: ئەرێ گوڵ. گوڵ، پێش ئەوەی كە گوڵ دەپشكوێت چی پێ دەڵێن؟ ئەویش دەڵێ: پێی دەڵێن خونچە. كابراش دەڵێ دەمخۆش بیرت هێنامەوە و هاوار دەكات: خونچە، خونچە. ئەرێ ئەو چێشتخانەیەی دوێنێ نانمان لێخوارد ناوی چی بوو؟

## سەیرترین (٢) تەسریحەی قژ

مۆدەكانی تەسریحەی قژ بەچەندین شێوەی سەیر دەردەكەون، هەریەكە جۆرە تەسریحەیەكی پێوە دیارە، بۆیە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ بوونیان بە حاڵەتێكی سەیر كە جێگەی شیاوی سەمەرە بێ، تەنانەت هەندێكیان لەمجۆرە تەسریحانەیان بە دڵە و بەردەوام كاری بۆ دەكەن، ئەو دوو تەسریحە سەیرە، كە یەكێكیان لە شێوەی گیاندارە، ئەوەی دیكەش دەبدەبەی تیایدا دانراوە، دەبن بە یەكێك لە دوو سەیرترین تەسریحەی قژ.







**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

باری دارایيت بەشێوەیەكی خێرا باش دەبێت. هە ندێك كاتی خۆت تەرخان بكە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی دوات خستوون. چاوەڕوان بە ئەم هەفتەیە هەواڵێكی خۆشت پێ دەگات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

كەسانێك هەن دەیانەوێت هەموو وردەكاریەكانی ژیانت بزانن تۆش نازانی مەبەستیان چییە. پێویستە سەردانی كەسە نزیكەكانت بكەیت و پەیوەندیەكانت زیاتر بەهێز بكەی.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

سەیری ڕابردووی بكە و بەراوردی بكە لەگەڵ ئێستا ئەو كات دەبینیت زۆر گۆڕانكاریت بەسەر هاتووە و ئێستا زۆر جیاوازتری، وا باشترە هەمان ڕێچكەی ڕابردوو بگریتە بەر بەتایبەتی لەهەندێ بواری دیاریكراودا.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

چاوت بە كەسێك دەكەوێت كە دەمێكە ئاواتەخوازی ئەوەی بیبینی و كاتێكی خۆش بەسەر دەبەن، نهێنیەكانت لای هەموو كەس باس مەكە بەتایبەتی ئەوانەی لێیان دڵنیا نیت لەبەر ئەوەی لەوكاتەدا بەپێچەوانەی خواستەكانت دەبێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

زۆر هەوڵ ئەدەی تاكو نهێنی دڵت باس بكەی لای كەسی بەرامبەر بەڵام هەموو جارێك بەربەستێك دێتە پێش و قسەكە هەر لەناو دڵت ئەمێنێتەوە، دەكرێ بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕازی دڵت لای بەرامبەرت بدركێنی.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئێستا كاتەكان زۆر بەخێرایی تێپەڕ ئەبن و بواری ئەوەت نییە بە ئارەزووی خۆت كارەكانت ئەنجام بدەی، ئەمە ماوەیەكی كەم دەخایەنێت و دوای چەند ڕۆژێكی دیكە باری ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە.

ئامادەكردنی: داریۆ






## ئاسۆیی:

١- شـاعیرێکی کوردبـوو- چیایەکی کوردستانە.
٢- خەڵکـی سـوریا(پ)- دوو پیتی سیما- وڵاتێکی ئەمەریکیە.
٣- پرس- یاریزانێکی فەرەنسی یە(پ) – پیتێکی مۆسیقایە.
٤- گەس(ت) – پایتەختێکی ئەوروپیە- شاعیرێکی کوردستانە.
٥- چوار پیتی شێرزاد.
٦- لـە پـر هەلچونـی ئاگـر- شارەزایی(پ).
٧- شاعیرێکی کوردبوو- هۆنراوە.
٨- بەرووبوومی ئاژەڵە.
٩- کەڤ(ت)- ئایا(ت) سێ پیتی موسکو.
١٠- سێ پیتی کەرنەڤاڵ- دین(ت)-وڵات.
١١- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە(پ) لاواز- نیشانە.
١٢- جۆرە کاتژمێرێکە- جۆرە کاتژمێرێکە.

## ستوونی:

١- شـاعیرێکی کوردبوو(پ) پەیمان نامەیەك بوو(پ).
٢- چیایەکی کوردستانە(پ)- بەشێکە لە لەش(پ) – پالەوانی وڵاتانی بێ وڵات.
٣- بزر(پ)- ئەکتەرێکی کوردە.
٤- سـێ سـەید- پەنجە- سێ پیتی دهۆك.
٥- کچە هونەرمەندێکی کوردی کۆچ کردووە.
٦- وڵاتێکـی ئەوروپیـە- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە(پ).
٧- ئاوێکـی پیـرۆزە(پ). پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە.
٨- کچە هونەرمەندێکی کوردی کۆچ کردووە(پ).
٩- شەب(ت) ڕێگا- دوو پیتی هێلەر.
١٠- چا بە E – ئەکتەرێکی کوردی کۆچ کردووە.
١١- شاعیرێکی کوردبوو(پ) – لول- گیانلەبەرێکە.
١٢- چیایەکی کوردستانە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخـاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی

هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..




**ئاسانکاری**

- بازنەکانی (١+٢+٥) جۆرێکە لە ئوتۆمبێل بۆ گواستنەوەی بە کۆمەڵی خەڵك.
- بازنەکانی (٥+٤+٣) جۆرە سەوزەیەکە وەکو پیازە، بۆنی زۆر ناخۆشە.
- بازنەکانی (١+٤+٣) پێچەوانەی گەنج.
- بازنەکانی (١+٣) پێچەوانەی بەتاڵ

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( باران ) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لەوانەیە زۆربەی شتەکان لەم هەفتەیەدا بە پێچەوانەی ویست و حەزی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بن بۆیە ئارامگرتن و خۆپاراستن لەتوڕەبوون باشترین ڕێگان بۆ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی نێگەتیڤ درووست نەبێت.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئێستا کاتی ئەوەیە بەشێوەیەکی تر سەیری ژیانی تایبەتی خۆت بکەیت و هەندێك کەس پێیان سەیرە کە بە هەمان شێوەی جاران هەڵسوکەوت دەکەی، گۆڕانکاری بە ئامانجی باشتربوون کارێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی لەم کاتەدا.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
کاتێك کەسێك باست دەکات و کارەکانت بەرز دەنرخێنێت ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر هەموو شتێك لەشوێنی خۆی دایە و پێویستت بە هەوڵدان نییە، نەخێر دەبێت زیاتر لەجاران خۆت ماندوو بکەی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
متمانەت بەخۆت هەبێت لەبەرئەوەی ئەو گرفتەی واهەست ئەکەی زۆر گەورەیە و چارەسەری گرانە ئەوا بەو شێوەیە نییە و چارەسەرکردنی ئاسانە. خۆت دوور بگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە ڕەخنەی هاوڕێیەکت خۆشەویستانت وەربگرە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەکاری تایبەتی خۆت کەمتر ئاگات لەدەوروبەرت دەبێت،. خەڵك تۆیان خۆشدەوێت و بە کەسێکی خوێنشیرین ناسراویت بەردەوام بە لەسەرنجڕاکێشانی دەوروبەر تاکو وێنەت هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
زۆر کەس هێشتا ئاواتەخوازی ئەوەن بەو خەونانە بگەن کە ئێستا تۆ تێیدای و بەشێوەی پێویست هەست ناکرێت دڵخۆش بیت، ئێستا قۆناغێکی زێڕینی ژیانتە چێژی لێ وەربگرە کاتە خۆشەکان زۆر دووبارە نابنەوە.

hemntoni@yahoo.com